# کۆنگرەی پەروەردەیی  یان پڕ ورتەیی



**بەهێز حوسێن**
Bahez2006@hotmail.com

**چەند مانگێکە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئۆرگانەکانی خۆیان بۆ کۆنگرەیەکی پەروەردەیی ئامادە دەکەن و ڕایانگەیاندووە کە گەرەکیانە بە (16 تەوەرە ) پرۆسە سەقەتە پەروەردەییەکەی کوردستان بە ڤاکسینی عەقڵ و مەعریفە و ژیاندۆستانە و دونیادیدانەیان بکوتن و هەموو تینێکیان داوەتە خۆیان بەڵکو ئەمەخوایە ئەم کەرە شەلەی مەعریفە و پەروەردەکردنە لەو قوڕەی تێی کەوتووە دەربهێننەوە، زاتێك نییە ئەوەندەی من حەزبکات کە گۆڕانکاری لە پەروەردە و فێرکردنی کوردستاندا بکرێت بەڵام سەرم ئەوەندەی مەنجەڵێکی بوخار ئاوساوە و هەرچەند لێکی دەدەمەوە ئەو هێزە عەقڵیە کراوە و بوێرانە بەو ژمارەیە شك نابەم کە بتوانن لەم قوڕە خەستەی بۆ نەوە مەکتەبلییەکانمان هەیە ئەوەندەی  تۆزی سەدفلسییەکی قەیمی تۆز هەستێنن !.**

**ئەڵێن مانگەشەو سەرلەئێوارە دیارە ( هەزار ڕەحمەت لەو کەسەی بۆ یەکەمجار ئەم شەکرەی شکاند) ئەوەتا لە ورەورەی کۆنگرەی پەروەردەیدا وەزارەتە پڕ لە مەعریفەتەکەی پەروەردە نوسراوێکی ئاراستەی قوتابخانەکان کردووە و تێیدا ئەڵێت هەروەك جاری جاران ئەگەر قوتابییەکی بزێو کە خواستێتی پەلە قاژێی عەقڵ و ڕەفتاربکات و شتێکی کرد لە تەسەڕوفی باوباپیرانمان نەچوو دارکاریی بکەن !**

**کە ئەم نوسراوە بێتام و بێلەزەتەم دی ئیتر تێگەیەشتم کە دیارە نیازێکی ڕاستەقینە نییە بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیەی هەر لە ئێستاوە ئوتێل و چێشتخانەی دونیای بۆ حیجزکراوە و بۆرەوەسڵی خەرجی وەهمی بۆ حازرکراوە و دەشزانم ئەوەندەی فیکلانکۆیەکی مناڵانی جولەکان سوود بە و مناڵانە ناگەیەنێت کە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردن چونەتە بەر خوێندن !.**

**مامۆستایەکی ئاشنام پێی وتم کە لە ژوورەکەی بەڕێوەبەری پەروەردە گوێی لە ورتەی هاوڕێیەکی سەرمێزی سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی بووە کە بە ورتەیەکەوە لەدەمی دەرچووە و وتوویەتی ( خۆزگە ئەم کۆنگرەیە یەك هەفتە درێژەی ئەکێشا) ، هاوڕێکەی کە هێشتا عەیب نەبێ غازاتی نیوقاپ ئۆزۆکەی ئێوارەی دوێنێی تێدا مابووەوە و لە تاو توندکردنی ژێرەوە لەسەرەوە بڵقی ئەدا پێی ووت :(بۆ درێژە بکێشێت ؟) ئەویش بە ورتەیەکی ترەوە ووتی ( تۆ حەقت نەبێ دەعوەتی هەفتەکت مسۆگەرە ).**

**لەم نێوەندەشدا فایل بە دەستێك هاتۆتە ژوورەوە و پاش سڵاو وتوویەتی ( قوربان ئیمزای سەر ئەم وەسڵانەم بۆ بکە ) دیاربوو وەسڵەکان زۆربوو ، هەربۆیە ورتاندی وتی ( قوربان بە زۆری مەزانە ئامادەکارییە بۆ کۆنگر ە)**

.

**ئەو ئاشنایەم وتی ئینجا تێگەشتم کە لە ئێستاوە کەس دەربارەی کۆنگرەکە ورتەیەکی لەدەم نەهاتۆتە دەرەوە و ئەوەندەی دادگایکردنەکەی سەدام پارەیان بۆ خەرج کردووە .**

بۆ خۆشم بەرپرسێکی باڵای حکومەتم بینی پێیوتم : تۆش دەعوەتی کۆنگرەکە ئەکەم ، وتم قوربان من بۆ ؟ ووتی : بۆ ئەوەی تەغتییەی کۆنگرەکە بکەیت ، وتم وەڵا کاکە من نایەم ، وتی بۆ ( لەدڵی خۆمدا وتم ئاخر لە تەربێتی خۆم ئەترسم ) قوربان گیان ببورە چونکە من لە سەیارەدا قوڵپدان ئەمگرێ و ڕێگەی دوورم پێوە نایەت ، ووتی وانییە کوڕم سەرەتا منیش وابووم بەڵام لە وەزارەتی پەروەردە فێریان کردم کە مرۆڤ قابیلی گۆڕانە و ڕاستیشیان کرد لە هەولێرەوە بۆ بەریتانیا چووم و نەك سەیارە سواری تەیارەش بووم و قوڵپیشم نەدا .

ڕاستی کرد ئەو لە تەیارەکەدا قوڵپی نەدابوو بەڵام مامۆستا (...؟ ) پێی ڕاگەیاندم کە تەوالێتی لەندەن نەمابوو ئەو بەڕێزە بەرەکەتی تێنەکات و حەیای کورد نەبات کە خزمەتکارەکان پێیان ئەوتین ئێوە لەسەر چۆنێتی خواردن پەروەردە نەکراون چۆن دەتوانن مناڵانی وڵاتێك پەروەردە بکەن !

ئەوەندەی تەوەرەکانی بەردەم کۆنگرەی پەروەردەیی نموونەی ناشیرینی ئامادەکارانی کۆنگرەکە لەبەردەستان بەڵام بابەتەکەم بەوە ناشێوێنم و دێمەوە سەری دێڕو ئەڵێم ، وەزارەتی پەروەردەی بەڕێز هەروەك نیازپاکیتان بەرامبەر بە بەتەنگهاتنی نەوەکانمان بڕیاری لێدانی مناڵەکانمان ڕاگرن ، ئاخر لێدان بۆ ئاژەڵیش نەهاتووە نەك مرۆڤ ( بەڕێز وەزیری پەروەردە باشتر لێمدەگات چونکە خۆی دەرچووی کۆلێژی  کشتوکاڵە ) و دەزانێت کەریش بە لێدان بەلەسە دەبێت .

پێموایە ئەم پرۆسەیەی کە هەیە ئەبێ بگۆڕێت و سەرەتاش گۆڕانەکە لەوانەوە دەست پێبکات کە بەنیازن گۆڕانکاریەکە بکەن ، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو پەروەردەکارەی پەروەردەکە تا ئێستاش باوەڕی وایە ئەو دووداڕەی دەیان ساڵە دارا ئەیبینێ کرمن نەبووە ، بگۆڕێت و درا لە کێوییەکی شاخاویەوە بگۆڕێت بە دارایەکی شارنشین کە سایتێك یان دوو ئەڤەلۆن ببینێت !

ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییەی پێی وایە مامۆستا ئەبێ پۆلیس ئاسا لە پۆلدا بنەڕێنێت و بەزلە و شەق قوتابی تەمبێ بکات ، بگۆڕێ و فێر ببێت کە پێویستە مامۆستاکانی فێربکات ئەوان پێش قوتابیەکان لە پۆلدا ئامادەبن و بەیانی باشیان لێبکەن .

وەزارەتی پەروەردەش کە پێیوایە حەقی خۆیەتی لە نەبوونی کتێبدا ڕێنمایی دەربکات و بەچوار خوێندکار یەك کتێبیان هەبێت ، سەراپا بگۆڕێت و مەسئولییەتی دابینکردنی کتێب لە ئەمڕۆوە بۆ ساڵێکی تر بگرێتە ئەستۆ و تێبگات لەوەی ئەو بەرپرسە لە تەمبەڵی قوتابیان و مشەخۆری ئەو مامۆستایانەی بە پارەی وانە خسوسییەکان بیجۆی 2006 دەکرن !

لە کۆتایدا ئەڵێم گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردەدا بە ورتەورت نایەتەدی و خەمی هەمووومانە کە ئەو کۆنگرەیە سەربخەین و وەزارەتی پەروەردەش گوێ بۆ هەموو ئەو قەڵەم شێت و دەم گەرمە ڕۆشنبیرانە بگرن کە من ئاسا ڕەخنە لە پرۆسە و کادیرانی پەروەردە دەگرن کە زانستیانە خۆیان بۆ گرێدانی کۆنگرەکە ئامادە نەکردووە و ئێمەش موستەقبەلی ملیۆنێك قوتابیمان داوەتە دەستیان .